# ئۆلیگارشە رووسەکان و چارەنووسێکی تراژیدیایی

نووسین و وەرگێرانی: هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠٢٣/١/٦

زۆر بە سەیروسەمەرەیی دوێنێ لە رۆژنامەی دێر تاگەسشپیگل دا، کەوتم بەسەر خوێندنەوەی ئەم بابەتی کوشتن و لەناوبردنەی ئۆلیگارشە ئۆلیگارشە رووسەکان بەتایبەت لەسەروەختی سەرهەڵدانی هێرشی رووسیا بۆسەر ئۆکراینا ڕووی داوە..

ئەم ئۆلیگارشانە پلە و پۆست و بەرپرسیارێتی گەورە و هەستیاری دەوڵەتیان بەدەستەوە بووە و زۆریان نێزیکی پۆتین و دەسەڵاتن بوون و تێشیاندایە رەخنەی لە دەسەڵات هەبووە لەسەر هەڵگیرساندنی شەڕی ناوبراو، یان بۆ خۆی ئۆپۆزیسیۆن و نەیارێکی پۆتین بووە..

ئەوەی زۆر سەیرە و جێی گومانە شێوازی کوشتنەکان زۆر نێزیکە لەیەکتر. هەڵدانە خوارەوە لە پەنجەرە و بالکۆنەوە، کەوتنە خوارەوە لە یاخت و کوژران بە چەقۆ و لاشەی دۆزراوە بە کوژراوی لەماڵ و ڤیلاکاندا ...هتد

خۆش ئەوەیە دەسەڵات بیانوو بۆ هەموو کوژراوەکان دێنێتەوە و هەوڵ دەدات پەردەپۆشی ڕاستییەکان بکات.. بۆ نموونە بە کوژراوەکان دەڵێ: خۆی کەوتە خوارەوە! خۆکوژی کردووە! جەڵدە لێی داوە! ، نەخۆش بووە.. تا دوایی..

لە ڕووسیا لینین شۆڕشی کرد، ستالین ڕۆڵەکانی شۆڕشی هاڕی و ئێستاش پۆتین بەردەوامە لەسەر تیرۆرکردنی نەیار و دۆستەکانی و هەموو ئەوانەی لێیان دەترسێ، لەناو ڕووسیادا تا دەگاتە ئەوپەڕی جیهان.ئەوەی پۆتین دەیکات لە رۆژهەڵاتی ناوین شتێکی نامۆ نییە، یاخود مێژو تژییە لەو رووداوانە. سەدام و ئەسەد و خومەینی و ئەردۆغانماموستای ئەم کارە بوون و دەوڵەتەکانیان هەر کردوویانەو دەیکەن...

ئێستا بۆ جیهان ئاشکرایە پۆتین دراکۆلایە و بەس خەریکی خوێن مژین و لەناوبردنی کەسانی تر و شەڕ هەڵگیرساندن و هەڕەشەکردنە لە جیهان...

بە دیوێکی تردا ئەو وێنە و دیاردە قێزەونە ترسناکە، ئەوەمان پێ دەڵێ ئۆلیگارش و دز و گەندەڵەکان هەر ئەوە نییە ریسوای بەردەم جەماوەر و ناو مێژوون، بەڵکوو کە گەیشتنە خاڵێک مەترسی بۆ یەکتر دروست بکەن، ئەوە دەکەونە چاڵ هەڵکەنین بۆ یەکتر و برینەوەی گیانی برا و هاوڕێ و ئازیزان.. تەماحی دەسەڵات و پارە، زۆربەی جار بە رووداوی تراژیدیایی وکۆتایی دێ و گلانی بەدوادا دێت.. ئاخر گەر دەسەڵات گرتنە دەست بە شێوەی دیموکراسی نەبوو، لەسەر بنەمای زوڵم و فێڵ و گەمەی موخابەراتی و ناو دەوڵەتێکی پۆلیسی بوو، هەر زاڵم و گەندەڵێک هەوڵ دەدات بەس ژێر قوونی خۆی گەرم کاتەوە.. دەسەڵاتداران لە هەر کەس و جوڵەیەک بە گومانن و دەترسن! بۆیە دەکەونە دروێنەی دەوروبەریان تا نۆرەی خۆیان دێت...!

لێرەدا بەسەرهاتی کۆمەڵێ ئۆلیگارشی رووسی دەخەینە بەرچاو، کە سەردەمانێک لەوپەڕی سەڵتەنەت و خۆشگوزەرانیدا بوون و دواتر کە کاتژمێری سفر لێی داوە، بەشێوەیەکی تەمومژاوی کۆتایی بە ژیانیان هاتووە..

بەهیوام ئەم چمکە بەسەرهاتە بێتە پەند و وانەیەکی تر بۆ هاوشێوەکانیان، کە زوو بە زوو دەستبەرداری ئەو بیرکردنەوە و لاسایی و ڕەفتاری قێزەون و نامرۆڤانە بن، خۆیان نەخەنە داوی چڵکنی هەڵپەی خۆڕایی بۆ دەسەڵات و پارە کە قوڕیان کردووە بەسەری زۆر خەڵکی ئەم دنیایەدا.

## Pawel Anton

مولتی ملیۆنێر و سیاسەتمەداری رووسی لە شاری Rayagad ڕایاگادی هندستان لە پشوو بووە لە پەنجەرە هوتێلەکەوە هەڵداوەتە خوارەوە بۆ قاتی سێ و مردووە...

## Alexander Tyulakow

لە ٢٠٢٢/٢٥ رۆژێ دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە گەڕاجێ لە سانپێتەرسبۆرگ بە کوژراوی دۆزراوەتەوە.. ناوبراو بەڕێوەبەری گازپرۆم بوو..

Mikhall Watford

سێ رۆژ دوای شەڕ ئۆلیگارشی رووسی لە شاریWentford ی ئینگلتەرا لە ڤیلاکەیدا بە کوژراوی دەدۆزرێتەوە..
ناوبراو لە بواری نەوتدا کاری دەکرد و ملیۆنێر بوو..

Wassili Melnikow

کۆتایی مانگی ئازار ملیۆنی ناوبراو و ژنەکەی و دوو کوڕی لە Nischni Datscha نزیکی Nischni Nowgorod بە کوژراوی دۆزراونەتەوە کە بە چەقۆ کوژراون.. ناوبراو شێفی پزیشکی کۆمپانیای Medstrom بووە.

Wladyslaw Awajew

لە ناوەڕاستی مانگی چواردا، راوێژکاری سەرۆک و جێگری سەرۆکی بانکی گازپرۆم لەماڵەکەی خۆی لە مۆسکۆ بەکوژراوی دەدۆزرێتەوە... ژن و کچەکەشی بە کوژراوی دۆزراونەتەوە..
گوایە لەبەر ئەوەی ئاگاداری زۆر شت بووە بۆیە کوژراوە...

Sergei Protosenya

ئەم مولتی میلیۆنەرە لاشەکەی لە حەوشەی ڤیلاکەیدا دۆزراوەتەوە لە Costa Brava ئیسپانیا.. لاشەی بەدارێکدا هەڵواسراوە لە تەنیشتییەوە چەقۆ و تەور دۆزراوەتەوە ژن و کچەکەشی چەقۆیان لێ دراوە و کوژراون.. ناوبراو جێگری شێڤی جارانی گەورە نەوتدەرهێنەری رووسیا Novatek بووە.

Alexander Subbotin

لە مانگی پێنج دا ئەندامی سەرۆکایەتی کۆمپانیای نەوت Lukoil لە نزیک مۆسکۆ.

Andrej Krukowski

لە مانگی پێنج دا بەڕێوەبەرێکی تری گازپرۆم لە سۆچی لەکاتی هەڵگەڕان بە شاخدا کوژراوە..

Juri Woronow

سەرەتای مانگی شەش ئۆلیگارشی رووسی لە حەوزی خانووی پشوودانەکەیدا لە شوێنێکی نزیک سان پێتەرسبۆرگ بە کوژراوی دۆزراوەتەوە.. ناوبراو شێفی کۆمپانیای لۆگیستی Astra Shipping کە گرێدراوە بە گازپرۆمەوە..

Dan Rapoport

لە ناوەڕاستی مانگی هەشت دا، رەخنەگری دیار لە پۆتین لە واشنتۆن دی سی دەکوژرێ. ناوبراو دۆستی Alexej Nawannlyئۆپۆزسیۆنی سەرسەختی دژی پۆتین بوو..

Ravel Maganov

کۆتایی مانگی هەشت سەرۆکی کۆمپانیای نەوت Lukoil لە پەنجەرەی قاتی شەشی نەخۆشخانەی سەرەکی مۆسکۆوە خۆی هەڵداوە/ فڕێدراوە و خوارێ و دەمرێ .

Wladimir Sungorkin

لە مانگی سێپتەمبەر شێف ڕێداکتۆر، / سەرنووسەری ڕۆژنامەی.. Komsomolskaja Prawda

Iwan Peschorin . ناوەڕاستی مانگی سێپتەمبەر لە فرۆکە تایبەتییەکەی دەکەوێتە و دوای دوو ڕۆژ تەرمەکەی دەدۆزنەوە.. باوەڕپێکراوی پۆتین بوو، بەڕێوەبەری کۆمەڵەی گەشەپێدانی دەوڵەت بوو.

Anatoly Gerashchenko

ناوبراویش وەک بەرپرسیاری پیشەسازی فڕینی ئاسمانی مۆسکۆ لە پێپلیکانە دەکەوێتە خوارەوە

و دەمرێ... وەک دەولەت باسی لێوە دەکات. ئەمیش هەر لە مانگی سێپتەمبەردا بوو.

Pawel Pchelnikow

کۆتایی مانگی سێپتەمبەر بەڕێوەبەری کۆمەڵەی دەستەخوشکی هێڵی ئاسنینی رووسیا.. تەرمەکەی لەسەر بالکۆنی ژوورەکەی لە مۆسکۆ دۆزرایەوە.. گوایە نەیتوانیووە تۆڕی بونیادی کارەکەی لە هاکەرەکانی ئۆکراینایی بپارێزێ...

Kirill Stremoussow

کەمێک دوای ئەوەی لەشکری رووسیا لە مانگی نۆڤەمبەردا لە شاری Cherson کشایەوە، بە کارەساتی ئۆتۆمبیل کوژراوە.

Wjatscheslaw Taran

ئەم ملیاردێرە رووسەش هەروەها هەلیکۆپتەرەکەی لەسەر Côte d,Azur لە فەرەنسا دەکەوێتە خوارەوە و دەمرێ...

Grigirij Kochenow

سەرەتای دێسەمبەر بەڕێوەبەری کۆمپانیای IT ناسراو بە Agima ی رووسی لە بالکۆنەکەی دەکەوێتە خوارەوە و دەمرێ...

Dmitrij Selenow

دوای ئەوەی چەند هاوڕێیەک لە GRASSE لە فەرەنسا سەردانی دەکەن، لە پێپلیکانە دێتە خوارێ و دەکەوێ و پاش تۆزی لە نەخۆشخانە دەمرێ.. وەک لێی دەگێڕنەوە ئێوارێ کاتی نانخوارد دۆخی باش نەبووە. ناوبرا سەرقاڵی کڕین و فرۆشنی خانووبەرە بووە و زۆر دەوڵەمەند بووە.

Pawel Antow

لە ئێورای پیرۆزی بلەدایکبوونی مەسیح دا مولتی ملیۆنێر و سیاسەتمەدار کۆچی دوایی دەکات لە شوێنی گەشتەکەی لە رۆژهەلاتی هیندستان لە رایاگادا.کاتێ لە ژووری هوتێلەکەی لە نهۆمی شەشەوە بۆ نهۆمی سێ فڕێ دەدرێ. گوایە ئەمەش خۆکوژی کردووە..

Alexander Buzakowgg

لە هەمان ڕۆژدا بەڕێوەبەری کەشآتییە دەوڵەتییە ئەدمیرالییەکانی کە هی دەوڵەتن، کە پسپۆری لە دروستکردنی بەلەمی جەنگییدا هەبوو مردنەکەی تراژیدییە و هۆکارەکەی رانەگەیەندراوە.

Alexei Maslow

لە ٢٠٢٢/١٢/٢٦ دا سەرۆک و بەڕێوەبەری کۆمپانیای چەکدارییی بە کتوپڕی لە نەخۆشخانەیەکی سەربازی مۆسکۆ دەمرێ.. گومانی زۆر لەسەر مردنەکەی هەیە.

+ ئەم ٢١ ناو و نموونەیە  پێدەچێت مشتێ لەو خەرمانی تاوانانەی پۆتین و رژێمە دیکتاتۆر و پۆلیسییەکەی.. هێشتا گەلێ تاوانی تریش ماوە پەردەی لەسەر لادرێ و بۆ جیهان ئاشکرا بکرێ.. من هەر رەفتا و بەشێکی زۆری گوفتارەکانی پۆتین سەرۆک و بەرپرسانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانم دێننەوە یاد و بەرچاو.. ئاخر ئەمانە زۆرینەیان بەچکەی شەرعی ستالینین و لەوەوە فێر بوون.

هەر ئەم خاڵەشە وای کرووە،ئەوانەی دەرفەتیان هەبێ لە ڕووسیا هەڵدێن و ئەوی تریشی لە ترساندا دەستی بە کڵاوەکەی خۆیەوە گرتووە.

لەوەتەی پۆتین لەسەر حوکمە رووسیا دەیان شەڕی خوێناوی لە چیچان و جۆرجیا و کریم و ئۆکراینا کرووە و دەیان ئۆپۆزیسیۆنی لە پایتەخت و شارەکانی ئەورووپای رۆژئاوا تیرۆر کردووە و لە سووریا شەڕ دەکات و دۆستی گیانی بە گیانی سووریا و تورکیا و ئێرانە. لە ئێستادا بە یەکێ لە گەورەترین کۆسپەکانی بەردەم ئەو چانسانە دادەنرێ کە بۆ کورد ڕەخساوە..

سەرنج: زانیاری و داتاکانم لە رۆژنامەی تاگەسشپیگلی رۆژی ٢٠٢٣/١؟٥ وەرگرتووە.


12 Politik

Russische Oligarchen Sie fallen aus Fenstern und stürzen von Jachten

Von Sebastian Leber